# له بەهەشتدا بازاڕێک هەیە (خەڵکی) هەموو جومعەیەک (سەردانی) دەکەن

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «له بەهەشتدا بازاڕێک هەیە (خەڵکی) هەموو جومعەیەک (سەردانی) دەکەن، بای باکوور هەڵدەکات، بۆن بڵاودەکاتەوە بەسەر ڕوو وجلەکانیاندا بۆیە قەشەنگی وجوانیان زیاتر دەکات ودەگەڕێنەوە بۆ لای خێزانەکانیان، پاش ئەوەی قەشەنگی وجوانیان زیادی کرد، خێزانەکانیان پێیان دەڵێن: والله قەشەنگی وجوانیتان زیاتر بووە! ئەوانیش دەڵێن: والله ئێوەش لە پاش ئێمە قەشەنگی وجوانیتان زیاتر بووە!».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە باسی جۆرە جیاوازەکانی نیعمەت وخۆشی ئەهلی بەهەشت دەکات کە پێیان دەبەخشرێت سەرەڕای تێپەڕبوونی کات وسەردەمەکان لە بەهەشتدا، ولە بەهەشتدا بازاڕی تایبەتیان هەیە بۆئەوەی سەردانی بکەن وئاسوودە بن بە یەکتر بینین، وهەروەها جوانیەکیان هەیە کە وێنەی نییە لەم دونیایەدا وبەردەوام ئەم جوانیەی خەڵکی بەهەشت نوێ دەبێتەوە وزیاتر دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8353